خوێنەری باش و نووسەری باش

ڤلادیمیر نابۆکۆڤ
لە فارسییەوە: ئازاد بەرزنجی

ئەشێ ناونیشانی وەکو "چۆن دەبیتە خوێنەرێکی باش" یا "میهرەبانی لەگەڵ نووسەراندا" بکرێتە چەندین ناونیشانی جیاجیا دەربارەی نووسەرانی جیاواز، چونکە پرۆژەی من ئەوەیە کە بە عیشقەوە و بە وردەکارییەکی عاشقانە و وردبینانەوە، سەبارەت چەند شاکارێکی ئەوروپایی بنووسم.

سەد ساڵ لەمەوبەر، فلۆبیر لە نامەیەکیدا بۆ خۆشەویستەکەی نووسیویەتی: "مرۆڤ ئەگەر بە لایەنی کەمەوە بە باشی چەند کتێبێك بناسێ، چ تۆژەرەوەیەکی دیاری لێدەردەچێت".

لە کاتی خوێندنەوەدا، پێویستە ئینسان بە عیشقەوە بایەخ بە وردەکارییەکان بدات. بێگومان ئەکرێ دوای کۆکردنەوەی زەرە "هەتاوی"یەکانی کتێبەکە بە خۆشەویستییەوە، مانگەشەوی کۆی کتێبەکەش بدرەوشێتەوە. ئەگەر ئینسان بە چەند بڕیار و چەمکێکی پێشینەوە، دەست بداتە کتێبێك، ئەوا ڕێی هەڵەی گرتۆتە بەر و بەر لەوەی لە کتێبەکە بگات، لێی دوورکەوتۆتەوە. هیچ شتێك لەوە تەمەڵاویتر و ناڕەواتر نییە کە کەسێك بۆ نموونە بەرلەوەی "مادام بوڤاری" بخوێنێتەوە، ئەو تەسەورەی دەربارەی ڕۆمانەکە هەبێ کە کتێبەکە هێرشێکە دژ بە بۆرژوازی. ئەبێ هەمیشە ئەو ڕاستییە لە پێش چاو بگرین کە کاری هونەریی خوڵقاندنی جیهانێکی تازەیە. کەواتە یەکەمین شت ئەوەیە کە ئەبێ زۆر بە وردییەوە ئەم جیهانە تازەیە بخوێنینەوە. بە جۆرێك لێی نزیك بینەوە، وەك ئەوەی کە هەر ئێستاکێ خوڵقابێ و، پەیوەندی بەو جیهانانەوە نییە کە لەوەوپێش ناسیومانن. وەختێ بە وردییەوە لەم جیهانە تازەیە بەئاگا بووین، تەنها ئەودەمە ئەتوانین پەی بە پەیوەندیی ئەم جیهانە بە جیهانەکانی تر و بوارەکانی ترەوە بەرین.

پرسیارێکی دی ئەوەیە، ئایا ئەکرێ لە ڕێی ڕۆمانێکەوە زانیاری دەربارەی کات و شوێن بەدەستبهێنین؟ بەڵام بڵێی کەسێك هەبێ ئەوەندە ساویلکە بێت، لەو باوەڕەدا بێ کە ئەتوانێ لە ڕێی

ئەو کتێبە زۆر فرۆشانەی کە یانەکانی کتێب بە هەراوهوریاوە لە ڕیزی کتێبە مێژووییەکاندا پۆلبەندییان دەکەن، شتێك دەربارەی ڕابردوو فێربێت؟ ئەی باشە ئەرکی شاکارە ئەدەبییەکان چییە؟ ئایا ئەتوانین بۆ زانینی مێژووی ئینگلستان "بەریتانیا" لە سەردەمی زەمینداری و بارۆنەکاندا پشت بە وێنەکانی جەین ئۆستین ببەستین لە ڕۆمانەکەیدا، لە کاتێکدا ئەو بە تەنها ئاشنای ژووری دانیشتنی قەشەیەك بوو؟ ئایا ئەکرێ ڕۆمانی "بلەیك هاوس" ئەم ڕۆمانسە خەیاڵبزوێنە، کە ڕووداوەکانی لە لەندەنی خەیاڵبزوێندا ڕوودەدات، وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی سەد ساڵ لەوەوبەری لەندەن لە قەڵەم بدەین؟ هەرگیز ناتوانین ئەمە بکەین. وەك چۆن لەم کۆمەڵە موحازەرەیەشدا[1] کە دەربارەی کۆمەڵێك ڕۆمانی گەورەیە ئەوەمان ڕەچاو کردووە. ڕاستی ئەوەیە کە ڕۆمانە گەورەکان، چیرۆکە گەورەکانی پەریانن– و ڕۆمانەکانی ئەم وانانەش چیرۆکی بەرزی پەریانن.

کات و شوێن و، ڕەنگی وەرزەکان و، جووڵەی ماسولکەکان و زەین.. هەموو ئەمانە لە چاوی نووسەرە داهێنەرەکانەوە (بە پێی بۆچوونی ئێمە و وا بزانم بۆچوونەکەشمان دروستە) کۆمەڵێك تەسەوری باو و تەقلیدی نین تا لە توانادا بێ لە کتێبخانە گشتییەکانەوە وەچنگ بهێنرێن. بەڵکو کۆمەڵێك کتوپڕیی تایبەت بە تاکە کەسن کە هونەرمەندانی بەتوانا دەزانن چۆن بە شێوازی تایبەتیی خۆیان بیخەنە ڕوو. نووسەرە لاوەکییەکان، ئەوەی دەیکەن بریتییە لە ڕەنگکردن و باقوبریقدانی هەندێ شتی ئاسایی: ئەم جۆرە نووسەرانە هەرگیز ئەزیەتی دووبارە خوڵقاندنی جیهان بە خۆیان ڕەوا نابینن، بەڵکو هەوڵ ئەدەن ئەوەندەی لە توانایاندایە کۆمەڵێك شتی دیار و گریمانەی تەقلیدیی چیرۆك بەکاربهێنن. ئەو پێکهاتانەی کە ئەم نووسەرە لاوەکیانە لە ڕێی ئەو کۆمەڵە شتەوە پیشانی ئەدەن، ئەشێ بە شێوەیەکی گونجاو و سەرنجڕاکێشانە کاریگەریی خۆیان هەبێ، چونکە خوێنەرە لاوەکیەکانیش حەز ئەکەن بیروڕای خۆیان لە بەرگ و قاڵبێکی پەسەندا ببیننەوە. بەڵام نووسەری ڕاستەقینە، ئەو مرۆڤەی کە هەسارەکان دەخاتە سووڕانەوە و لە خەوندا مرۆڤێك دەخوڵقێنێ و بە جۆش و خرۆشەوە ئەچێتە قووڵایی دونیای خەونەکەیەوە، لای ئەم جۆرە نووسەرە هیچ بەهایەکی دیاریکراو لە ئارادا نییە. بەڵکو ئەبێ خۆی بیانخوڵقێنێت. هونەری نووسین کارێکی بێهوودەیە گەر هەر لە سەرەتاوەو لە میانی چیرۆکەکەوە هونەری بینینی جیهان بە زەینی خوێنەر نەبەخشێ. ئەشێ کەرەسەی خاوی ئەم جیهانە بە ئەندازەیەکی تەواو ڕاستەقینە بێت (گەر بکرێ پێی بڵێین ڕاستەقینە) بەڵام هەمیشە پچڕ پچڕە، پەرش و بڵاوە و، نووسەر بەم پەرش و بڵاوییە ئەڵێ "بڕۆ" و، بەم جۆرە ڕێگە بە جیهان ئەدات تا تلبخوات و ئامێتە بێت و ئەودەمەیە کە ئەبینین ئەتۆمەکانی جیهان دووبارە یەکەیەکە پێکەوە دەلکێنەوە و ئەم گۆڕانەش بە تەنها بەشە ڕواڵەتی و بینراوەکانی ناگرێتەوە.

نووسەر یەکەمین مرۆڤە کە نەخشەی جیهان ئەکێشێتەوە و یەکەیەکە ناو لە شتەکان دەنێتەوە. میوەکانی ئەو درەختەی دەخورێن. ئەو بوونەوەرە خاڵخاڵەی کە بەبەردەمدا ڕادەکات، ئەکرێ ڕامبکرێ. ناوی ئەو دەریاچەیەی نێو ئەو درەختانە دەریاچەی شیری، یا هونەریانەتر بڵێین دەریاچەی کەفاوە. ئەو تەمە شاخێکە و.. ئەو شاخە ئەبێ ڕزگار بکرێ.. هونەرمەندی بەتوانا بە شیوێکی پڕ کەند و لەنددا بەرەو لوتکە ڕێ ئەبڕێ و ئایا لەوێ

کێ دەبینێ؟ خوێنەرێك کە هەناسەبڕکێیەتی و خۆشحاڵە، ناکاو لەوێدا باوەش بە یەکتردا ئەکەن و، گەر کتێبەکە تا ئەبەد بمێنێتەوە، ئەوانیش تا ئەبەد پێکەوە ئەمێننەوە.

عەسری ڕۆژێك لە شارێکی دوور، کە زنجیرەیەك موحازەرەم تیا دەوتەوە، تاقیکردنەوەیەکی کورتم ئەنجام دا، کە بریتی بوو لە پێناسە بۆ خوێنەر، دەبووایە قوتابیەکان چوار پێناسەیان هەڵبژاردایە کە بەهەر چواریان پێناسەیەکی تێروتەسەل بۆ خوێنەرێکی باش بە دەستەوە ئەدەن. نازانم لیستی ئەو پرسیارانەم لە کوێدا داناوە، بەڵام ئەوەندەی بیرم بێ پێناسەکان ئەمانە بوون:

چوار وەڵام لەمانە هەڵبژێرە بە شێوەیەك کە وەڵامەکان خسوسیاتی خوێنەرێکی باش بە دەستەوە بدەن:

1–خوێنەر ئەبێ ئەندامی یانەیەکی کتێب خوێندنەوە بێت.

2–خوێنەر ئەبێ خۆی لە پاڵەوانی چیرۆکەکەدا ببینێتەوە.

3–خوێنەر ئەبێ لە چیرۆکەکەدا بایەخ بە لایەنی کۆمەڵایەتی، ئابووری بدات.

4–ئەبێ خوێنەر ئەو چیرۆکەی پێ باشتر بێت کە کردار و گفتوگۆی زیاتر تێدایە.

5–ئەبێ خوێنەر ئەو فلیمەی بینیبێت کە لە کتێبەکەوە ئامادە کراوە.

6–ئەبێ خوێنەر کەسێك بێت کە توانای نووسین تیایدا نەشونما دەکات.

7–ئەبێ خوێنەر خەیاڵێکی باشی هەبێت.

8–ئەبێ خوێنەر یادێکی باشی هەبێت.

9–ئەبێ خوێنەر فەرهەنگی وشە بەکاربهێنێت.

10–ئەبێ خوێنەر تا ڕادەیەك دەرکێکی هونەرمەندانەی هەبێت.

قوتابیەکان زیاتر پێیان لە خاڵەکانی، عاتیفی، کردار و گفتوگۆ، لایەنی کۆمەڵایەتی–ئابووری یا مێژوویی داگرتبوو. بەڵام بێگومان خوێنەری باش کەسێکە کە خاوەنی خەیاڵ و یادی باشە و فەرهەنگی وشە بەکاردەهێنێ و، کەمێك دەرکی هونەرمەندانەشی هەیە، من هەموو دەرفەتێك دەقۆزمەوە بۆئەوەی ئەو دەرکە لە خۆمدا پەروەردە بکەم و ئامۆژگاریی ئەوانی تریش ئەکەم کە هەمان شت بکەن.

بە ڕێکەوت من وشەی خوێنەر زۆر بە سادەییەوە بەکاردەهێنم. مرۆڤ ناتوانێ کتێب بخوێنێتەوە، بەڵکو ئەتوانێ خوێنەرەوە[2] بێ. خوێنەری باش، خوێنەری سەرکەوتوو، خوێنەری چالاك و خوڵقێنەر، خوێنەرەوەیە. پێشتان ئەڵێم بۆچی؟ کاتێ بۆ یەکەم جار کتێبێك دەخوێنینەوە، بزواندنی چاومان لە ڕاستەوە بۆ چەپ و، دێڕ دوای دێڕ و، لاپەڕە دوای لاپەڕە، ئەم چالاکییە جەستەییە ئاڵۆزە لەگەڵ کتێبدا و دەرکی بابەتی کتێبەکە لە ڕووی کات و شوێنییەوە ئەبێتە لەمپەر لە نێوان ئێمە و هەڵسەنگاندنی هونەرمەندانەیدا. ئێمە کاتێك تەماشای تابلۆیەك ئەکەین، تەنانەت گەر وەکو کتێبیش ئاڵۆز و قووڵ بێ، ناچار نین بە جۆرێکی تایبەت چاومان بجوڵێنین. لە ڕاستیدا توخمی کات لە یەکەمین تەماسماندا لەگەڵ تابلۆکەدا نایەتە گۆڕێ. لە کاتی خوێندنەوەی کتێبێکدا ئەبێ ئەوەندە دەرفەتمان هەبێ تا لەگەڵیدا ئاشنا دەبین، چونکە هیچ ئەندامێکی وەها لە جەستەماندا شك نابەین (وەکو چاو لە کاتی تەماشاکردنی تابلۆدا) تا تەواوی وێنەکانی کتێبەکە دەرك بکات و لە هەمان کاتدا لە وردەکارییەکانیشی چێژ وەربگرێ.

بەڵام کاتێ بۆ دووەم جار، یا سێیەم جار و، یان چوارەم جار کتێبێك دەخوێنینەوە، ئینجا ئەو کارە

ئەکەین کە لەگەڵ تابلۆکەدا کردوومانە. لەگەڵ ئەمەشدا نابێ وەکو یەك تەماشای چاو و زەین "ذهن" بکەین. کتێب —هەرچییەك بێت— چیرۆك بێ یا باسێکی زانستی (کە سنووری نێوانیان وەکو تەسەور ئەکرێ یەکجار زۆر نییە)، بەر لە هەموو شتێك بەرەو زەین ئەڕوات، زەین، مێشك، لە سەروو بڕبڕاگەی پشتەوە کە "مێروولە" ئەکات، تاقە ئامرازێکە (یان ئەبێ وابێ) کە لە کاتی خوێندنەوەی کتێبدا بەکەڵك دێت.

لەم بارەدا ئەبێ بپرسین ئاخۆ کاتێ خوێنەرێکی ڕووترش کە ڕوبەڕووی کتێبێکی "هەتاوی" ئەبێتەوە، زەین چۆن کاردەکات. بەر لە هەموو شتێك ڕووترشییەکەی لەنێودەچێت و، خوێنەر، باش یا خراپ، پێ دەنێتە مەیدانەکەوە. تەقەلاکردن بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی باش، تەقەلایەکی دژوارە لە زۆربەی کاتەکاندا، بەڵام هەر ئەوەندە دەستی پێکرد، پاداشتی جۆراوجۆر و زۆری دەبێ. چونکە هونەرمەندی لێهاتوو بۆ خوڵقاندنی کتێبەکەی خەیاڵی قووڵی خۆی خستۆتە گەڕ. کەواتە شتێکی ئاسایی و ڕەوایە کە خوێنەریش خەیاڵی خۆی بخاتە گەڕ.بە لایەنی کەمەوە ئەبێ دوو جۆر خەیاڵ لای خوێنەر هەبێ. کەواتە با بزانین کام یەك لەم دوو جۆر خەیاڵە بۆ خوێندنەوەی کتێبێك شیاوترە.

یەکەمیان ئەو خەیاڵەیە کە بچووکە و پشت بە هەست و سۆز ئەبەستێ و مۆرکێکی شەخسیی هەیە. (ئەم جۆرە خوێندنەوەیە جۆری تریشی هەیە) ئەمەش کاتێ ڕوودەدات کە ئێمە لە کتێبەکەدا هەڵوێستێکی تایبەتی دەبینینەوە کە زیاتر لە بەشەکانی تری کتێبەکە ئەمانورووژێنێ ،چونکە ڕووداوێکمان بیردەهێنێتەوە کە بەسەر خۆماندا یا کەسێکدا هاتووە کە ئەیناسین، یا بۆ نموونە خوێنەرێك کتێبێکی زۆر لا گرنگ ئەبێ، تەنها لەبەرئەوەی ئەو وڵاتە، یا دیمەنە، یا شێوە ژیانەی لا زیندوو ئەکاتەوە کە ئەم بە حەسرەتەوە یادی ئەکاتەوە. یا ئەوەتا خوێنەر خۆی لە کەسێتییەکی کتێبەکەدا ئەبینێتەوە، بۆیە ئەو کتێبەی لا زۆر گرنگ ئەبێ، کە ئەم جۆرە خوێنەرە خراپترینیانە. ئەم جۆرە خەیاڵە ئەوە نییە کە من بۆ خوێنەری پەسەند ئەکەم.

کەواتە خوێنەر ئەبێ پەنا بۆ کام وەسیلانە بەرێت؟ لە وەسیلەکانی خەیاڵی ناتایبەتی و عیشقی هونەرمەندانە. بە ڕای من ئەبێ هاوسەنگییەکی هونەرمەندانە لە نێوان زەینی خوێنەر و زەینی نووسەردا هەبێ. ئەبێ مەودایەك لە نێوان ئێمە و کارەکەدا هەبێ و لەو مەودایە چێژ وەربگرین و لە هەمان کاتدا لە چنین و هۆنینەوەی ناوەوەی شاکارەکەش تەواو چێژ وەربگرین، چێژێکی ئامێتە بە فرمێسك و موچڕك. بێگومان لەم جۆرە حاڵەتانەدا مانەوە لە دەرەوەی دەقەکەدا دژوارە. هەرچییەك ماندووت بکات زەینییە، بۆ نموونە؛ ئێستا ئێوە کە لێرەدا دانیشتوون ئەشێ تەنها خەونێك بێ لای من، یا من مۆتەکەیەك بم لای ئێوە، بەڵام مەبەستی من ئەوەیە کە خوێنەر ئەبێ بزانێ کەی و لە کوێدا خەیاڵی خۆی جڵەو دەکات و، ئەبێ ئەم کارەش بە تەقەللاوە بۆ ناسینی وردی جیهانێکی تایبەتی ئەنجام بدات کە نووسەر خوڵقاندوویەتی.

ئەبێ شتەکان ببینین و ببیستین. ئەبێ ژوورەکان، جلوبەرگەکان و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسانی نووسەرەکە بەرجەستە بکەین ڕەنگی چاوی فنی پرایس لە "پارکی مانسفێڵد" و کەلوپەلی ژوورە بچووك و ساردەکەی، ئەمانە هەموو گرنگن.

هەر یەکێك لە ئێمە خاوەنی سروشتێکی جیاوازە و، ئەتوانم لێرەدا ئەوەتان پێ بڵێم کە

باشترین سروشت بۆ خوێنەر ئاوێتەکردنی سروشتی هونەرمەندانە و سروشتی زانستیانەیە، ئەگەر خوێنەر سروشتێکی وەهای نەبێت، ئەبێ لە خۆیدا دروستی بکات. هونەرمەند خۆی لە خۆیدا بە جۆش و خرۆشێکی سەیرەوە مامەڵە لەگەڵ کتێبدا دەکات، هەر بۆیە خوێنساردیی سروشتی زانستیانە لە کاتی هەڵسەنگاندندا ئەو جۆش و خرۆشە نائەقڵانییە ڕاست دەکاتەوە. ئەگەر کەسێك بیەوێ ببێ بە خوێنەر، بەڵام گیانی خاڵی بێ لە جۆش و خرۆش و سەبری نەبێ (واتە جۆش و خرۆشی هونەرمەندێك و سەبر و ئارامی زانایەك) زەحمەتە چێژ لە ئەدەبی باش وەربگرێت.

ئەدەب ئەو ڕۆژە لەدایك نەبوو کە وەختێ کوڕێکی منداڵ هاواری ئەکرد گورگ.. گورگ، لە دۆڵێکی نیاندەرتاڵییەوە بەرەو دەرەوە ڕایکرد و گورگێکی بۆری گەورەش دوای کەوتبوو و ڕاوی دەنا، بەڵکو ئەدەب ئەو ڕۆژە لەدایك بوو کە کوڕێکی منداڵ هاواری ئەکرد گورگ هات، گورگ هات و بەڵام ئاسەواری هیچ گورگێکیش نەبوو. ئەوەش شتێکی زۆر دەگمەنە کە ئەم کوڕە منداڵە لە ئەنجامی ئەوەی ئەوەندە درۆی کرد تا لە ئاکامدا گورگێکی ڕاستەقینە خواردی. بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدایە، لە نێوان گورگی دۆڵەکە و گورگی چیرۆکەکەدا پەیوەندییەکی کاڵ هەیە. ئەو هێڵەی ئەو دووانە پێکەوە گرێ ئەدات، ئەو پەیوەندییە کاڵە هونەری ئەدەبە.

ئەدەب واتە داهێنانی شتی نوێ، چیرۆك چیرۆکە، ئەگەر بە چیرۆکێك بڵێین چیرۆکی ڕاستەقینە، هەم سووکایەتیمان بە هونەر کردووە و هەم بە حەقیقەت. هەر نووسەرێکی گەورە، فێڵبازێکی گەورەیە، بەڵام ئەو فێڵبازە مەزنە (واتە سروشتیش) هەر وایە. سروشت هەمیشە فێڵ دەکات. هەر لە فێڵی لەیەکچوونی هەندێ شتەوە کە فێڵێکی سادەیە تا وەهمی گەورە و ئاڵۆزیی ڕەنگی باڵی پەپوولەکان یا پەڕی باڵندەکان، لە سروشتدا سیستمێکی سەیر و سەمەرە لە سیحر و فریو هەیە. چیرۆکنووس شوێن پێی سروشت هەڵدەگرێت.

با هەمدیسان بگەڕێینەوە بۆ کوڕە منداڵەکەی لە جەنگەڵستانێکدا هاواری ئەکرد گورگ گورگ. ئەتوانین بڵێین کە سیحری هونەر لە سای ئەو گورگەدا بوو کە ئەو خوڵقاندبووی. ئەو خەونەی ئەو بە گورگەوە بینی و پاشان چیرۆکی فڕوفێڵەکانی ئەو، بوونە چیرۆکێکی باش. وەختێ کە دونیاشی جێهێشت، ئەو چیرۆکەی کە دەربارەی ئەو دەیانگێڕایەوە. لە تاریکیی دەوراندەوری ئاگردانەکاندا بوو بە دەرسێکی باش. بەڵام ئەو سیحربازە بچووکەکە بوو. خوڵقێنەر بوو.

ئەکرێ لە سێ ڕووەوە لە نووسەر بتۆژینەوە: وەکو چیرۆکبێژێك، وەکو مامۆستایەك، وەکو سیحربازێك، نووسەری گەورە ئاوێتەیەکە لەم سیانە: چیرۆکبێژ، مامۆستا، سیحرباز– بەڵام سیحربازەکە دەروونی ئەوە کە زاڵ دەبێ و نووسەرێکی گرنگی لێ دەخوڵقێنێ.

ئێمە بۆ کات بەسەربردن، بۆ سادەترین شێوەکانی وورووژانی زەینی، بۆ بەشداریکردنی عاتیفیانە، بۆ لەزەتی سەفەری شوێنێکی دوور لە کات و شوێنی خۆمان پەنا بۆ چیرۆکبێژ دەبەین. هەیە کە زەینی تا ڕادەیەك جیاوازە و لە ئاستێکی باڵادا نییە و لە نووسەردا تەنها بە دوا "مامۆستا"دا دەگەڕێ، بەڵام ئەوەی ئەو بەدوویدا وێڵە نووسەر نییە، جاڕچییە، یا موفتیی ئەخلاقە، یا پەیامبەرە. ئەکرێ جگە لە دەرسی ئەخلاقی بۆ زانیاری و هەندێ ڕاستیی تریش بچینە لای مامۆستا. بە

داخەوە خەڵکانێکم دیوە کە مەبەستیان لە خوێندنەوەی ڕۆمانی ڕۆماننووسە فەرەنسایی و ڕووسەکان ئەوە بووە کە دەربارەی ژیان لە پاریسی دڵڕفێن یا ڕووسیای غەمزەدەدا زانیارییان چنگ بکەوێ. بەهەرحاڵ لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەوەیە کە نووسەری گەورە سیحربازێکی گەورەیە و لێرەوەیە کە ئەگەینە خرۆشێنەرترین لایەنی کارەکە. واتە کاتێ کە هەوڵ ئەدەین لە سیحری تاکە کەسیی ئەو داهێنەرە و، شێواز و، وێنەسازی و، گریمانەی ڕۆمانەکانی یا شیعرەکانی بکۆڵینەوە.

ئەم سێ لایەنەی یەك نووسەری گەورە –سیحر، چیرۆك، دەرس– هەر ئەوەندە ئاوێتەی یەکتر بوون، یەکەیەکی درەوشاوەی تایبەت پێکدەهێنن، لەبەرئەوەی کە سیحری هونەر ئەشێ لە ئێسکی چیرۆکەکەدا، لە مۆخی ئێسکی هزری هەنووکەدا بێت. هەندێ شاکار هەن کە هزرێکی وشك و ڕوون و ڕیکخراویان هەیە و موچڕکێکی هونەرمەندانەمان پیا دێنن کە لە ئاستی کارێکی وەکو ڕۆمانی (پارك مانسفێلد) یا هەر ڕووداوێکی دەوڵەمەندی پڕ وێنەی هەستیی دیکنزیدایە.

بە ڕای من، ڕێسای باش بۆ هەڵسەنگاندنی ڕۆمانێك، تا سەردەمێکی درێژ، پێکهاتەی شیعری و ئامادەگیی گیانی پێشبینانەی زانستە تیایدا. بۆئەوەی سیحری کتێبێکیش کاری خۆی بکات، ئەبێ خوێنەری ژیر ئەو کتێبە نە ئەوەندە بە دڵ و، نە ئەوەندەش بە مێشکی بخوێنێتەوە، بەڵکو بە بڕبڕاگەی پشتی. وەکو ئەڵێن لەوێدایە کە ئەو "مێروولەکردنە" ڕوودەدات، گەرچی لە کاتی خوێندنەوەدا ئەبێ کەمێك مەودا وەربگرین، کەمێك دووری لە نێوان خۆمان و دەقەکەدا هەبێ. پاشان بە لەزەتێکەوە کە هەم هەستییە و هەم ئەقڵی، تەماشای هونەرمەندەکە بکەین کە قەڵا کارتۆنییەکەی دەخولقێنێ و، دەبینین قەڵا کارتۆنییەکەی ئەبێتە قەڵایەکی جوانی لە پۆڵا و شووشە دروستکراو.

پەراوێز

1–ئەم نووسینە یەکێکە لەو زنجیرە موحازەرانەی کە ڤلادیمیر نابۆکۆڤ (1899–1977)ی نووسەری(لۆلیتا)و ڕەخنەنووسی گەورەی ڕووس لە کاتی مامۆستاییدا لە کۆلێجە جیاجیاکاندا وتویەتییەوە.

2–خوێنەرەوە: بەو مانایەی کە هەر کتێبێك بۆ چەند جارێك بخوێنێتەوە.

سەرچاوە

کتێبی "مسخ و دربارەی مسخ، ترجمە/ فرزانە طاهری، انتشارات نیلوفر، چاپ اول، پاییز 1368–تهران.